# لقی کەرکوکی سەندیکای رۆژنامەنووسان‌و ویژدانی دوور لە رۆژنامەنووسی

لە کاتێکدا خەڵکی کەرکوك چاوەڕێی نەمانی زوڵم‌و ستەم و نادادییەکانیانە لە کەرکوك، ئومێدیان بە خەڵکی قەڵەمبەدەست‌و رۆژنامەنووسە، کەچی لەوپەڕی بێ ویژدانی‌و بێ ئاگاییەوە لقی کەرکوکی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان، سەروبەری کاری رۆژنامەنووسانی کەرکوك دەکەن.

هەر لە کاتی بەستنی کۆنگرەی پێکهێنانی لقی کەرکوکی سەندیکاوە، ئیدی ئەوە دەرکەوت بۆ هەمووان کە ئەو بەڕێزانەی دانراون دەمڕاستی رۆژنامەنووسان بکەن لە کەرکوکدا، خەڵکانێکی بێ تواناو هەڵپەرستن، بۆ نموونە: بە کۆمەڵ وەرگرتنی خەڵکیی بە ئەندامی لقی کەرکوکی سەندیکاو ناولێنانیان بە (ئەندامی کارا)، لەگەڵ ئەوەی زۆرێك لەو کەسانە هیچ شتێك لە بارەی رۆژنامەوانییەوە نازانن، ئەوەش تەنها مەرامی بردنەوەی پۆستی ئیداریی لقی کەرکوکی سەندیکای رۆژنامەنووسانی لە پشتەوە بوو.

بەلاَ وا ئێستا، گوایە لە خەمخۆری دەسەلاَتی سیاسیی کوردییەوە بۆ رۆژنامەنووسانی شاری کەرکوك، خەریکی دابەشکردنی ئەرزەن بە سەر رۆژنامەنووساندا، بۆ ئەو ئەو مەبەستە لیژنەیەك پێکهێنراوە لەلایەن لقی کەرکوکی سەندیکاوە کە لە نوێنەری لایەن‌و دەزگا بەناو روناکبیرییەکان، ئەرکی شەن‌و کەو کردنی ناوی ئەندامانی لقی کەرکوکییان لە ئەستۆیە، کەچی بەبێ ویژدانی‌و بەشێوەیەکی زۆر نا عادیلانە، کەوتوونەتە تەخشان‌و پەخشان کردنی ئەرزە بەسەر چایچی‌و لێخوڕی ئۆتۆمبێلی دەزگاکان‌و تایپیست‌و زۆرێك خەڵکی دیکەی ناو دەزگاکان، بەبێ ئەوەی بزانن میدیا رۆڵی چیە لە دونیای ئەمڕۆدا..!!.

هەر کەسێك بەو دابەشکردنەو بە بڕیارەکانی ئەو لیژنەیەو بە ژمارەی ئەندامانی لقی کەرکوکی سەندیکا رازی بێت، ئیدی نابێت هیچ رەخنەو گلەییەکی لە حیزب‌و دەسەلاَت بمێنی، چونکە گەر ئەوە ویژدانی رۆژنامەنووسانی‌و سەندیکای رۆژنامەنووسان بێت، ئیدی بۆ گلەیی لە نادادی‌و بێ ویژدانی دەسەلاَت‌و حیزبەکان بکەین..!!.

ئێمە ئیدانەی ئەو کارە دەکەین‌و داوا دەکەین ئەو لیژنەیە هەڵبوەشێتەوەو بڕیارەکانیشی هیچ شەرعییەتێکی پێ نەدرێت، هەروەها بە بۆنەی کاتی نوێ کردنەوەی پێناسەی سەندیکاوە ئەندامێتی لە هەموو ئەو کەسانە وەربگیرێتەوە، کە خزمەت بەڕەوتی رۆژنامەوانی ناکەن‌و چیدی پێویست ناکات ئەندامانی سەندیکا زۆرو بۆربن.

بەشێك لە رۆژنامەنووسانی کەرکوك

2006/5/9

1. عومەر سەیدە
2. سۆران مامە حەمە
3. هێمن حەسیب
4. کوسرەت عەبدولرحمان
5. ئومێد سەرحەد
6. ئەنجام سەعید خالد
7. عەدنان ئیبراهیم
8. محمد ستار
9. ئاویزان نوری
10. ئارەزو نوری
11. ئارام شوانی